مەندەلاوی داوای لەلیژنەی دارایی کرد کە پێداچوونەوەی کۆتایی بە خشتەکانی بودجە خێراتر بکەن



ئەمە هەینی سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت موحسین مەندەلاوی، ڕەنمایی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کرد بە خێراکردنی پێداچوونەوەی کۆتایی سەرجەم بڕگەکانی خشتەی یاسای بودجە بە ساڵی 2024، کە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوە.

لە بەیاننامەیەکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەتدا هاتووە : مەندەلاوی جەختی لە پێویستی تەواوکردنی دەنگدان لەسەر ئەو خشتەی لە کاتی دانیشتنی داهاتوودا کردووەتەوە، بەتایبەتی کە بە شێوەیەکی کاریگەر پێویستی بە هاوکاتی دەبێت، جەختیشی لەوە کردەوە کە دانیشتنەکەی دووشەممەی داهاتوو وەك وادەی پێسندکردنیان دیاری دەکرێت.

مەندەلاوی داوای لە لیژنەی دارایی کرد کە لە کۆتاییدا و بە وردی پێداچوونەوە بە هەموو خشتەکانی داهات و خەرجییەکان و تێرخانکردنەکاندا بکات و ڕێژەی کورتهێنان و ڕێگاکانی کەمکردنەوەیان دیاری بکات و ڕاپۆرتەکەی گشتگیر ئامادە بکات کە پێشکێش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت بە دەنگدان بە هەموو ئەو تێبینیانەی کە لە بودجەی ساڵی 2023دا بوون.